هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (٧٣) لە ٢٠٢٠/٧/٢٩

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٥) لە ٢٠٢٠/٧/٢٩، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. زیادکردنی بەڕێز (د. عەبدولحەکیم خەسرەو) سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەندامێتی لیژنەی تایبەت بە دۆسێی دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی سەبارەت بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان پێکهاتوو بە بڕیاری پێشووی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧) لە ٢٠١٩/٧/٣٠.

٢. ڕاسپاردنی لیژنەی ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە کە لە ماوەی (١٤) چواردە ڕۆژی کار لە دوای پشووەکانی جەژنی قوربان دیراسەی پێویست ئەنجام بدەن سەبارەت بەو پێشنیار و سەرنج و میکانیزمانەی لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران خرانەڕوو، و دواتر بە ڕاپۆرتێک دەرئەنجامی دیراسەکەیان پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران بکەن.

٣. ڕاسپاردنی هەمان لیژنە لەگەڵ بەڕێزان (وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، وەزیری داد، نوێنەری ئەنجومەنی دادوەری، سەرۆکی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ، و بەڕێز دیندار زێباری بەرپرسی ئۆفیسی تایبەت بە وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان) بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک لەسەر بابەتی بەجینۆسایدناساندنی تاوانەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و دوا هەوڵەکانی تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان لەم بارەیەوە و ڕەچاوکردنی کار و چالاکییەکانی لیژنەی باڵای بەجینۆسایدناساندنی تاوانەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش کە لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بۆ هەمان مەبەست پێکهێنرابوو، و پێشکەشکردنی ڕاپۆرتەکە بە ئەنجومەنی وەزیران.

٤. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران